# شۆڕشی خەوارج بەردەوامە

م/ محمد عبدالله

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين وبعد:**

لەم سەردەمەدا لە جیهانی ئیسلامیدا چەند دیاردەیەکی پێچەوانەی ئیسلام بڵاو بوەتەوە، کە خۆی بە بەرگی ئیسلام پۆشیوە، وەك توندوتیژی و حیزبایەتی و زێدەڕەوی، کە بۆتە هۆی وەرگێڕانی بانگەواز بۆ خوا لە ململانێ لەگەڵ شیرك و بیدعە وجێبەجێ کردنی شەهادەتین و پەروەردەکردنی خەڵکی لەسەر بیروباوەڕێکی راست و پەرستشێکی دروست بۆ ململانێ لە پێناو کورسی و دەسەلات، کە سەرئەنجامەکەی پەنابردن بوو بۆ توندڕەوی و ترساندن لە پێناوی جێبەجێ کردنی ئامانجێکی رامیاری کە گومان لەوەدا نییە ئیسلام ئەوجۆرە هەڵوێست و هەنگاوانە رەت ئەکاتەوە، چونکە بەم شێوەیە مەسەلەکان ئاڵۆزتر ئەبن و دوژمنانی ئیسلام سوود مەندتر ئەبن و کۆمەڵگای ئیسلامیش زیاتر دوور ئەکەوێتەوە لە تێگەیشتن لە ئایین، بەڵکو بەربەستێك دروست ئەبێت لە رووی گەنجانی موسڵمان بۆ شارەزابوون لە بیروباوەڕی راست بە هۆی گوشاری خاوەن دەسەلاتەکان کە کاردانەوەی هەڵوێستی هەڵەی ئەو سەر لێشێواوانەیە.

## دەست گرتن بە قورئان و سوننەت:

خودای پەروەردگار فەرمانی کردووە بە موسڵمانان بەیەك خستنی بۆچونەکانیان و کۆکردنەوەی بیرو ڕاکانیان و دەست گرتن بە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و ئاگاداریانی کردۆتەوە لە جیابوونەوە و دووبەرەکی، هەروەك خوای مەزن دەفەرموێ:

﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا﴾ [آل عمران:١٠٣]

واتە: وەهەموو دەست بگرن بە دینی خواوە ولێك جیا مەبنەوە، وە بەنیعمەتێك کە خوا پێی داون بیهێننەوە بیر، ئەو دەمەی دوژمنی یەکتری بوون، جا ئەو دڵ و دەرونی ئێوەی یەك خست، جا بەنیعمەتی خوا بوونە برای دینی یەکتر[1]. وە دەفەرموێ:

﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ [آل عمران:١٠٥]

---

(١) (تەفسیری قورئانی پیرۆز بە کوردی وبەکورتی، وەرگێڕانی: محمد صالح إبراهیمی.

واتە: خوای گەورە نەهی‌مان لێ دەکا لە دووبەرەکی وەك چۆن جولەکە و گاورەکان دووبەرەکی کەوتە نێوانیانەوە دوای ئەوەی کە ئایەتی ئاشکرایان بۆ هات کە حەقی تێدا روون کرا بوو. ئەوانە سزای سەختیان بۆ هەیە.

ئیمامی شەوکانی ئەفەرمێت: ئەوانەی دووبەرەکی کەوتە نێوانیانەوە بیدعەچی‌یەکانی ئەم ئوممەتەن.

وە دەفەرموێ:

﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ﴾ [الانعام:١٥٩].

واتە: ئەوانەی دینەکەیان بەش بەش کردو هەندێکیان وەرگرت و هەندێکیان وازلێ هێنا و بوون بە کۆمەڵ کۆمەڵ و حیزب حیزب، تۆ بەریت لە بیدعەکانیان و جیابونەوەیان بەڵکو ئاگادار کردنەوە کاری تۆیە[٢].

پێشەوا ناصر السعدی دەڵێت: ئەم ئایەتە هەڕەشەی پەروەردگارە بۆ ئەوانە کە دینەکەیان دابڕ دابڕ کردوە وە هەریەکە ناوێکی لەخۆی ناوە کە هیچ سوودێکی بۆ ئایینی ئادەمیزاد نی‌یە وەك جولەکایەتی وگاورێتی و ئاگر پەرستی.

یان بەم ناوانە ئیمان کامڵ نابێ. وەك بەشێك لە شەریعەت بگرێت و بیکات بە دینی خۆی، وە دەست بەرداری بەشەکانی تری شەریعەت بێت. ئەمەش حاڵی ئەوانەیە کە دینیان بەش بەش کردووە، لە بیدعەچی‌یەکان و گومڕاکان کە دووبەرەکی‌یان خستۆتە نێوان ئوممەتەوە. وە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئایینەکەمان فەرمانمان پێ دەکات بە کۆبوونەوە و گونجاندن، وە دابڕ دابڕی ودووبەرەکی‌مان لێ قەدەغە دەکات لە بنەڕەتی دین و هەروەها هەموو بابەتەکانی شەریعەت[٣].

وە ئەگەر جیاوازی و دووبەرەکی خراپ بێت لە هەموو حاڵێکدا ئەوە جیاوازی راو بۆچوون و دووبەرەکی لە باوەڕدا و دەرچوونی هەندێك (فِرَق) لە ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەت خراپ ترە و زیاتر دەبێتە هۆی بە هیلاك چون.

ئیمامی موسلم (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە ئەبو هورەیرەوە(رضي الله عنه) بۆمان ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: (( فإنما هلك مَن كان قبلكم بكثـرةِ مسائلهم واختلافهم على أنبيائهم))[٤].

واتە: بەڕاستی هۆی بەهیلاك چوونی ئوممەتەکانی پێش ئێوە زۆر پرسیار کردنیان و سەرپێچی کردنیان بوو لە فەرمانی پێغەمبەرەکانیان.

---

(٢) زبدة التفسير من فتح القدير للشوكاني، د. محمد سليمان عبدالله الأشقر: ص١٩١.

(٣) (تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان للشيخ: عبد الرحمن بن ناصر السعدي).

(٤) (صحيح الجامع الصغير: ٥٨١٠).

**وە جونەیدی کوڕی عبداللە ی بەجەلی (﵁) لە پێغەمبەرەوە ﷺ ئەگێڕێتەوە کەفەرموویەتی:** ((اقرأوا القرآن ما ائتلفت عليه قلوبكم فإذا اختلفتم فقوموا))[٥].

**واتە: قورئان بخوێننەوە تا دڵەکانتان جووت بێت لەسەری، وە ئەگەرجیاوازی کەوتە نێوانتانەوە ئەوە هەستن، واتە: بێ دەنگ بن و وازی لێ بێنن .**

عرباضی **کوڕی ساریە(﵁) فەرمووی: ڕۆژێکیان پێغەمبەرﷺ نوێژی پێکردین، رووی تێ کردین و ئامۆژگاریەکی رەوانی کردین، چاوانمان فرمێسکی باران و دڵکانمان لەرزی، کابرایەك ووتی: ئەی پێغەمبەری خوداﷺ ئەڵێی ئەمە ووتاری ماڵ ئاوایی کردنە، چیمان پێ رادەسپێری؟ فەرمووی:**

((أوصيكم بتقوى الله والسمع والطاعة وإن عبداً حبشياً فإنه من يعيش منكم فسيرى اختلافاً كثيراً فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء المهديين الراشدين تمسكوا بها وعضو عليها بالنوجذ وإياكم ومحدثات الأمور فإن كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة))[٦].

**واتە: وەسێتتان بۆ دەکەم بەتەقوای خوا وگوێڕایەڵی کردن ئەگەر تەنانەت کۆیلەیەکی حەبەشی بوو بە کاربەدەست، چونکە هەرکەسێ لە ئێوە بژێت جیاوازی یەکی زۆر دەبینێ — وە بۆچارەسەر کردنی ئەم جیاوازی یە فەرمووی —ئێوەش دەست بگرن بە ڕێبازی من و ڕێبازی نیشتەجێیەکانی من، بە توندی بیگرن و بەدان بیگەزن— کینایەتە لەسەر بایەخ پێدان و دەست پێوەگرتنی— وە ئاگادار بن کاری نوێکاری مەخەنە ناو ئەم دینەوە چونکە هەموو نوێکاری یەك لە دین بیدعەیە، وە هەموو بیدعەیەك گومڕایە ...**

## سەرەتای دەرکەوتن و سەرهەلدانی خەواریج:—

**وە لەگەڵ ئەم ئاگادار کردنەوە توندوتیژە لە پێغەمبەری خواوەﷺ لە داهێنان لە دیندا بەلاّم تاقمانێك پەیدا بوون ئەم ئامۆژگاری یەیان وەرنەگرت و نوێ کاری یان خستە ناو دینی خودای بێ هاوتاوە، دەرچوون لە ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەت. وە لەو موبتەدیعانە کۆمەڵی خەواریج کە بنچینەو سەرەتایان ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو پیاوەی کە نارەزایی دەربڕی بەرامبەر فەرمانی پێغەمبەر ﷺ بە بۆچونی هەڵەی خۆی، هەروەك لە(صحیحین)دا هاتووە لە فەرموودەی ئەبو سەعیدی** خودری**(﵁) کە دەفەرمێت: ئیمامی عەلی(﵁) لە یەمەنەوە هەندێ زێڕی خامی نارد بۆ پێغەمبەرﷺ ئەویش دابەشی کرد بەسەر چوار کەسدا : ئەقرەعی کوڕی حابسی** حنظلي**، عویەینەی کوڕی بەدری فەزاری، عەلقەمەی کوڕی عەلاثە ی عامر و.... ئەبو سەعید(﵁) فەرمووی: قورەیش توڕە بوون و وتیان: بە پیاوانی نەجد ماڵ ئەبەخشێ و واز لە ئێمە دێنێ؟! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:**

---

(٤) (متفق عليه، وانظر: السلسلة الصحيحة، رقم: ٣٩٩٣).

(٦) (رواه أبو داود والترمذي، وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير: ٢٥٤٩).

(( إني إنما فعلت ذلك لأتآلفهم )) .

واته: من ئەو کارەم کرد بۆ ئەوەی دڵەکانیان نەرم بکەم بۆ ئیسلام... کابرایەك هات: ریش پڕ، روومەت بەرز، چاو بەقوڵاچوو، نێوچەوان بەرز و دەرپۆقیو،سەرتاشراو. ووتی: لە خوا بترسێ ئەی محمدﷺ، ئەبو سەعید(رضي الله عنه) ووتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

(( فمن يطع الله إن عصيته أيأمنني على أهل الارض ولاتأمنوني؟))[٧] .

واته: ئەوە کێیە گوێڕایەڵی خوا ئەکات ئەگەر من یاخی بم لە فەرمانەکانی. ئایا خوای گەورە منی کردووە بە ئەمینی سەرخەڵکی زەوی وەئێوە دڵەکانتان لە من پاك نییە و لە من بە گومانن. لە پاشان پیاوەکە پشتی هەڵکردو رۆیشت، پیاوێك داوای مۆڵەتی کوشتنی کرد– ئەڵێن خالیدی کوڕی وەلید بوو(رضي الله عنه)– پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:

(( إن من ضئضئ هذا قوم يقرأون القرآن لايجاوز حناجرهم يقتلون أهل الإسلام ويدعون أهل الأوثان: يمرقون من الإسلام كما يمرق السهم من الرمية، لئن أدركتهم لأقتلهم قتل عاد))[٨] .

واته: لە وەچەو نەوەی ئەمە قەومێك دەردێن، قورئان دەخوێننەوە لە گەرویان تێ ناپەڕێ –لێی تێ ناگەن– کوشتاری موسڵمانان دەکەن. واز لە بت پەرستان دێنن. لە ئیسلام دەردەچن هەروەك چۆن تیر لە نیشانەوە دەردەچێت، ئەگەر پێیان بگەم ئەیان کوژم وەك کوشتنی عاد. لە لەفزێکی تردا:

((آيتهم رجلٌ اسود إحدى عضديه مثل ثدي المرأة أو مثل البضعة تدردر يخرجون على حين فرقة من الناس))[٩] .

نیشانەیان پیاوێکی رەشتاڵەیە بازویەکی وەك مەمکی ژن وایە وەك پارچە گۆشتێك وایە ئەلەرێتەوە، لەکاتێکدا دەردەکەون ناکۆکی لە نێوان موسڵماناندا پەیدا دەبێ.

ئەبو سەعید(رضي الله عنه) ووتی: گەواهی ئەدەم(أشهد) کە من گوێم لەم ئاخاوتنە بووە لە پێغەمبەری خوا ﷺ، وە گەواهی ئەدەم عەلی کوڕی ئەبو طالب(رضي الله عنه) جەنگا لەگەڵیان ومنیش لەگەڵیدا بووم. فەرمانی دا ئەو پیاوە بێنن بە دوایدا گەڕان هەتا هێنایان منیش تەماشام کرد بەو وەسفە بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ وەسفی کرد.

ئەمەش نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی کە هەواڵی دا بە دەرچوونی خەوارج، هەرچۆنی فەرموو ئاوها بوو سەلاَت و سەلامی خودای لەسەر، کاتێك دەرکەوتن کە جیاوازی لە نێوان موسڵمان هەبوو لە نێوان ئیمامی عەلی و موعاویە (رەزای خوایان لێ بێت). پێغەمبەری خواﷺ باسی کردن کە موسڵمانان دەکوژن، واز لە بت پەرستان دێنن ئەوانیش ئاوەهابوون .

(٧) (رواه النسائي، وصححه الشيخ الألباني في صحيح سنن النسائي: ٢٥٧٨).

(٨) (صحيح الجامع الصغير: ٢٢٢٧).

(٩) (البخاري ومسلم، وانظر: مشكاة المصابيح: ٥٨٩٤).

## چەند سیفاتێکی خەوارج:-

پێویستە نیشانەو سیفەتەکانی خەوارج بزانرێت و بەراورد بکرێت لەگەڵ سیفەتی ئەم گروپانەی ئەم سەردەمە، بۆمان دەرئەکەوێت چەند لەیەك ئەچن. ئەویش بەکورتی لەم سیفەتانە کۆ ئەبنەوە:-

**یەکەم:- ماڵ و سامان و ململانێ لە پێناو وەرگرتنی دەسەڵات لە دەسەڵاتداران.**

**پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:**

(( لکل أمة فتنة و فتنة أمتي المال))[١٠] .

وەکاتێك ذوالخويصره **هاتە** لای پێغەمبەر ﷺ کە خەراجی بەحرەینی دابەش ئەکرد پێی ووت "إعدل يا محمد" ئەم ووشەیە دائەنرێت بەدەرچوون(خروج) بە ووشەی دژی پێغەمبەر ﷺ ئەمەیش لە ژێر دروشمی دادپەروەری و داواکردنی مافەکان کە بووە هۆی تاوانبارکردنی باشترین مەخلوقی خوا لە دادپەروەری و ئەمانەتدا.

**دووەم/داهێنان لە پەرستندا:-**

ئەو حەلەقە زیکرانەی کە لە مزگەوتی کوفە هەبوون بەشێوەیەکی داهێنراو، وەعبداللە کوری مسعود (رضي الله عنه) نەهی لێ کردن وە سەرەنجامیان گەیشتە بە تەکفیر کردنی(هاوەڵان رضي الله عنهم) و شەرکردن لە دژیان لە رۆژی نەهرەوان. کەوابوو وەسفێکی ئەم گروپە داهێنانی زیکر بە حەلەقە وگۆڕینی ڕێگای بانگەوازکردن بووە.

**سێیەم/ تەکفیر کردنی خاوەن گوناهە گەورەکان:-**

وە لە نیشانەکانی خەواریج کافر کردنە بە گوناه، بەوەی کە هەرکەسێك گوناهی گەورە بکات ئەگەر لە شیرك بەخواریش بێت ئەوە لە ئیسلام ئەچێتە دەرەوە. وەلەم چەرخەدا چرۆی تازە پشکوت دەرکەوتووە صاڵحان بە کافر دەزانن، وە توانج و تەشەر لە عەدالەتی پێشەوایانی ئوممەت ئەدەن. بۆیە دڵەکانیان لە یەك دەچن، هیچ جێی سەرسورمان نییە کە ئەوانەی دوای شوێنەواری ئەوان کەوتوون لەم سەردەمەدان(ابن باز) یان (ابن عثيمين) یان هەر یەکێك لەپێشەوایانی ئیسلام کافر بکەن.

چونکە فیتنەی بە کافرکردن تووشی باشترین کەسانێك بووە لە دوای پێغەمبەران، وەئەگەر تووشی لەوان کەم تر بێت ئەوە زۆر ئاسان ترە لای زیاد رەوانی تەکفیر ئەگەر بێتو تەکفیر کردنی (هاوەڵان رضي الله عنهم) بێنینە بیری خۆمان.

---

(١٠) (رواه الترمذي، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٢١٤٨).

تائێستا ئەو بۆ چوونە((التكفير بالمعصية)) بەردەوامە زۆربەی بانگەوازکارە حیزبی یەکان هەڵیان گرتووە، وەبایەخیان داوە بە بڵاو کردنەوەی هەندیك کتێب کە کۆمەڵانی موسڵمان کافر دەکات هەر کوت ومت بۆچوونی خەواریجی تێدایە لە کافر کردن بە گوناە.

## چوارەم/لادان لە ڕێبازی بەڵگە هێنانەوە و تێنەگەیشتن لە قورئان (یقرأون القرآن لایجاوز تراقیهم)

وە لە نیشانەکانیان لادانیان لەشێوەی ڕوونکردنەوەی ئەو ئایەتانەی کە دەربارەی بێباوەڕان دابەزیوە، ئەوان لەسەر موسڵمانان بە کاری دێنن، وەتاکو ئەم کاتەش ئەو ڕێبازە هەڵەیە بەردەوامە لای خاوەن هەوا و بانگەوازکارانی حیزبایەتی، ئەو فیتنەیەی کە خەواریج توشی بوون هەر عەینی ئەو فیتنەیەیە کە توشی حزبی یەکان بووە کە هیوایەتیان دەسەڵاتە و ململانێیە لەگەڵ کاربەدەستان لەسەر حیسابی خەڵکێکی موسڵمان کە لە مەرامەکانی ئەوان تێ نەگەیشتووە و شارەزاییەکی تەواوی لە دینەکەی خۆی نییە، چونکە خەواریج ئەیان ووت:

((لا حكم إلا لله)) وە حزبییەکان ئەڵێن: ((الحاكمية لله)).

وە حزبییەکان ئایاتی حوکم بە غەیری ئەوەی کە خوا دایبەزاندووە هەروەك خەواریجەکان تەفسیری دەکەن و بەکوفری گەورەی دادەنێن، جیاوازی ناخەنە نێوان ئەوەی بە حەڵاڵی ئەزانی و ئەوەی بە حەرامی ئەزانی[11].

چونکە خۆشیان ئامانجی سەرەکیان هەر حوکمە. هەر بۆ ئەوەیش هەوڵ و کۆشش ئەکەن، بۆیە مەسەلەی حاکمیەت بە گەورەتر ئەزانن لە یەکخواپەرستی((توحيد الألوهيــة)) کە لە پێناویدا خوای گەورە ((انس و جن))ی دروست کردووە و پێغەمبەرانی رەوانە کردووە وکتێبەکانی داگرتووە و جیاوازی خستۆتە نێوان خەڵکییەوە- وکۆمەڵێ ئیماندار و کۆمەڵێ بێ باوەڕ -.

بەڵام لای گروپە حزبییەکانی ئەم سەردەمە جیاوازی لە نێوان (مُوَحِّد) و (رافضي) و (طُرُقِي) نییە تەنها بە ئینتمای حزبی نەبێ، ئەوەی حزبی بێ ئەوە خۆشەویست و نزیکە، وە ئەوەی لە گەڵیان نەبێ ئەوە دوور و نامۆیە.

## خەواریج هەر ماون:-

وەهەندێ کەس وا گومان دەبەن کە خەواریج کۆمەڵێك بوون هەر لەو سەردمەدا ئیتر لە ناوچوون و نەماون، ئەم ووتەیە کەسێك ئەیلێت کەهیچ دەربارەی خەواریج نەزانێ، بەڵکو ئەوان بە درێژایی مێژوو هەن، ئیمامی ئەلبانی(رەحمەتی خوای لێ بێت) لە زنجیرە

(١١) شارحی طحاوی دەفەرمێت: لێرەدا باسێك هەیە ئەوەیە کە حوکم بە غەیری ئەوەی کە خوای گەورە دایبەزندووە هەندێك جار کوفرێکە مرۆڤ لە دین دەردەکات، وەهەندێك جاریش تاوانە: یان گەورە یان بچوك.

بەنرخەکەیدا بەرگی پێنج لە ژێر ناونیشانی(استمرار خـــروج الخـــوارج)دا، فەرموودەیەکی هێناوە لە عبدالله ی کوڕی عومەرەوە(رضي الله عنه) فەرمووی: گوێم لێ بوو پێغەمبەر ﷺ ئەی فەرمووی:

( ينشأ نَشء يقرؤون القرآن، لايُجاوِزُ تراقيهم، كُلَّما خَرَجَ قَرْنٌ قُطِعُ حتّى يَخْرُجَ في أعْراضِهِمُ الدَّجالُ)[١٢].

واتە: کۆمەڵێك پەیدا ئەبن قورئان ئەخوێننەوە لە گەروویان تێ ناپەڕێ و ناچێتە ناو دڵیانەوە و لێی تێناگەن، هەر کاتێ کۆمەڵێکیان دەرئەچن بڕ ئەکرێن تا وەکو لە ناو سوپای ئەواندا دەجال دەر ئەچێ.

پێشەوا شیخ الاسلام إبن تیمیە لە دوای باسکردنی هەندێ نیشانەیان ئەفەرمێت: (ئەم نیشانەیە کە پێغەمبەرﷺ باسی کرد-مەبەست ئەو پیاوەیە کە باڵی وەك مەمك وایە- نیشانەی یەکەم تاقمیانە کە دەرئەچن، تایبەت نین بەو زەمانەوە و بەو نیشانەوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەی تر باسیانی کردووە کە ئەوان بەبەردەوامی دەر ئەچن تا وەکو سەردەمی دەجال، وە موسڵمانان یەك دەنگن کە خەواریج تایبەت نین بەو سوپایەوە کە ئەو پیاوەی تێدا بوو ..[١٣].

بەم بەڵگانە روون بووەوە کە خەواریج هەر ماون و بەردەوام ئەمێنن تا وەکو دەجال دەرئەچێ، وە تاوەکو دەرکەوتنی نیشانە گەورەکانی دوا رۆژ، لەوانە:-

**یەکەم:-** (الإباضية) کە لە وولاتی سەڵتەنەتی عومان هەن، ولە هەندێ شوێنی وولاتە عەرەبییەکانی تر -المغرب العربی-.

**دووەم** : ئەو کۆمەلانەی کە زیاد ڕەوی دەکەن لە مەسەلەی بە کافرکردنی موسڵمانان، کە ئەوانیش هەر لەسەر رێبازی خەواریج ئەڕۆن کە موسڵمانانیان کافر کرد، هەروەها خوێن ومالی موسڵمانانیان حەلاڵ کردوە و فەسادیان بلاَو کردۆتەوە، ئەوان پاشماوەی خەوارجن ئەگەر چی تەبەڕایان لێ بکەن و بە کافریان بزانن، چونکە عیبرەت بەناو نییە، بەڵکو زۆربەی ئەو کۆمەڵ و حیزبانەی کە زیادڕەوی لە کافر کردنی کۆمەڵگا ئەکەن، حوکمی بێ باوەڕیان داوە بەسەر موسڵماناندا مەگەر ئەوانە نەبێت کە هاو فیکریانن، تاڕادەیەك یەکتریش کافردەکەن، وەکۆمەڵی خۆیان بە جەماعەی موسڵمانان ئەزانن.

وە ئەم کۆمەلانە جۆراو جۆرن، وەك کافرکردن بەگوناە یان زیادڕەوی لە لایەنێك لە لایەنەکانی ئایین وەك حوکم کردن بەوەی کە پەروەردگار دایبەزاندووە، وە دۆستایەتی ئیمانداران و دژایەتی بێ باوەڕان و کافرکردنی کافر، گومان لەوەدا نییە کە ئەم شتانە

---

(١٢) (سلسلة الأحاديث الصحيحة): (٥/ ٥٨٢) رقم: ٢٤٥٥).

(١٣) (مجموع الفتاوى): (٢٨/ ٤٩٥-٤٩٦)، الخوارج أول الفرق في تاريخ الإسلام، د. ناصر عبدالكريم العقل: ص٥٢).

شەرعین، بەڵکو لە کارە گرنگەکانی شەرعن، بەلأم ئەوەی نابەجێیە و خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ ئاگادارمان ئەکەنەوە لێی زێدەڕەوی یە، خوای گەورە دەفەرمێت:
﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ غَيْرَ الْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوا أَهْوَاءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا مِنْ قَبْلُ وَأَضَلُّوا كَثِيرًا وَضَلُّوا عَنْ سَوَاءِ السَّبِيلِ﴾ [المائدة: ٧٧].

مەبەستمان لێرەدا ئەوانەیە کە دەرچوون بە زێدەڕەوییەکەیان لە عەقیدەی ئەهلی سەننەت و جەماعەت و بوونەتە هۆی بە جورئەت کردنی نەزانان و نەفامان بۆ کافرکردنی موسڵمانان، ئەبینی یەکێکیان دەست نوێژ بە ڕێکی نازانێت، وە شارەزایی نییە لەمەسەلە گرنگەکانی ئاین، چەند زوبان درێژە لە فەتوادان بە کافرکردن بەبێ روون کردنەوە و بەبێ هیچ شەرم و بیرکردنەوەیەك.

ئەمەیش بەڵگەیەکە لەسەر لاوازی ئیمان(١٤) و نەمانی ترس لە پەروەردگار، چونکە هەر کەسێ بەبێ زانیاری فەتوا بدات لەم مەسەلە سامناکە ئەوە دیارە ترسی خوا لە دڵی دا زۆر کزە یان لە دڵی دا نییە، ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ﴾ [الإسراء: ٣٦].

زۆربەی زیادڕەوان لە کافر کردنی کۆمەڵگای موسڵمان، بە چاوی سووك تەماشای زانا و پێشەوایانی ئیسلام ئەکەن، چ زانایانی پێش یان ئەم سەردەمە.

خاوەنی کتێبی: (إعلان النكير على غلاة التكفير) ئەڵیت: یەکێك لە شوێن کەوتوانی(شكري مصطفى) کە بەناوبانگە بە(التكفير و الهجرة) هەوڵی سەرلێ شێواندنی دابوو لەگەڵ برایەکدا لە ئەهلی سوونەت تا مەسەلەکانی لێ ئاڵۆز کردبوو، پاشان هاتن گفتوگۆ لەگەڵ من بکەن دەربارەی ئەوباسە، منیش چەند شتێکم بۆیان باس کرد لەوانە کە ئیمامی بوخاری بابێکی داناوە لە(صحيح)ەکەیدا، (باب أن المعاصي من أمر الجاهلية ولا يكفر صاحبها إلا بالشرك) داوام لێ کردن کە پرسیار لەو سەرلێشێواوە بکەن دەربارەی حوکمی بوخاری لایان، ئەویش ووتبووی: بێژەری ئەم ووتەیە کافرە.

هەروەها یەکێك لەو گومڕایانە کاتێك کە یەك لە زانایان دانووستانی کرد لە گەڵدا پێ ووتبوو: پەروەردگار ئەفەرمێ: ((وعصى آدم ربه فغوى))، ئایا ئادەم کافر بوو؟ ئەو تاوانکارە بێ شەرمە ووتی:"بەڵێ ئادەم کافر بوو".

ئەم بەدبەخت و چارە ڕەشانە حاڵیان گەیشتووە بەم جورئەتە کە قسەی وا بکەن کە خۆی لە خۆی دا بێ باوەڕییەکی ئاشکرایە، لەگەڵ ئەوەیش وا گومان ئەبات هەر ئەو و هاوبیرانی موسڵمانن، پەنا بەخوا لە کوێری.

---

(١٤) ئەو نەفامانە دینی مرۆڤ ئەپێون بە زۆری کافر کردن، چەندێك خەڵکی زۆرتر کافر بکات ئەوە زیاتر پلەو پایەی بەرز وبڵندتر دەبێت، وەشایەتی بەهێزی دین وباوەڕی بۆ دەدرێت.

وە هـۆی تێکـەوتنی ئـەو گێـژاوە دووریـیە لـە تێگەیشـتنی پێشـینی صـاڵحان و عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت.

شایانی باسە ئێمە ناڵێین کـە هـەموو تـەکفیریـیەکان گەیشـتوونەتە ئـەم ئاسـتە لـە گومڕایی، بەڵکو ئەوان گروپی زۆرن و کۆمەڵ و ئەحزابن. لەوانەیە چەندان کەسیان تێدا بێت هەق ویست بێت، بەڵام لێی شێواو و تێکەڵە.

وە هەنـدێك شـبوهات یـان بـۆ پەیـدا بـووە نـاتوانن بـەرەنگاری بکـەن لەبـەر کـەمی زانستی شەرعی.

## هۆی ڕەواجی شبوهاتی خەواریج (هۆی بە هێزبونی زێدەڕەوان):-

ئێمە لە کۆمەڵگایەك ئەژین کە فیتنە و گونـاه و بـێ ئـەمری پـەروەردگاری تێـدا زۆر بووە لە ناو هەندێك لە توێژەکانی کۆمەڵگا، تا ئەگاتە ئیلحاد و لادان لە دین.

هەروەها گوشاری کاربەدەستان لە سەر بانگەوازکارانی هەق و ئەزیت دانیان، وە زۆر جار نەیان هێڵاوە کە دینی خوا فێری خەڵکی بکـەن کـە خۆشـبەختی دونیـا و قیامـەتی تێدایـە، ئەوا حەقیقەتێکی ڕاستەوانەیە هەرچەندە گوشار و ئـەزێت دان پـتر بێـت بـۆ بانگـەوازکارانی هەق ئەوەندە گروپی زیادڕەوی زیاد ئەبن و ژمارەیان زیاد ئەکات.

بێجگەلە لە ئەم هۆیانە شەیتان زۆر سورە لە سـەر ئـەوەی خـەڵکی سـوکایەتی بکـەن بـە زانایان و پێشەوایانی ئیسلام، تا زمان درێژیان کرد بە سـەر(هـاوەڵان ﷺ) شـەیتانەکانیان پێان دەووتن بڵێن: "هم رجالُ ونحن رجال" لە خۆبایی بوون لە ڕاستەڕێ دوریانی خستەوە، وە گومان ئەبەن ئەو هەوا و ئارەزووەی کە ناویـان لێ نـاوە "عقـل" ڕێنمونیـان ئـەکات و لـە سەرلێشێواوی ڕزگاریان ئەکات، بۆیە فورسەتی کەمی ئەهلی عیلم و کەمی ئـەهلی عەمـەلیان قۆستەوە، بەڵام شەمشەمە کوێرە لە تاریکی ئەفرێ و پێشەوایان و زانایان چرای ڕێنمـونی و سەرچاوەی ڕاستی و بەردەوامییەتن.

### پرسیارێك و وەڵامەکەی:

لە زانای پایە بەرز شێخ (عبدالعزیز بن باز) پرسیار کرا: هەندێك هەن ئەڵێن: ئارام گرتن لەسـەر جەور و ستەمی کاربەدەسـتان کـارێکی ترسـنۆکانەیە؟ لـە وەڵامـدا (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) فەرمووی:

ئەم بۆچوونە هەڵەیە و کەم تێگەیشتنە لە لایەن ئەوکەسـەوە کـە شـتی وا ئـەڵێت، چـونکە لـە سوننەت تێنەگەیشتوون و نەیانزانیوە وەك پێویست، بەڵام خوێن گەرمی و غیرەت وای لێ کردوون کاتێ بیانەوێ کارێکی ناشەرعی نەهێڵن خۆشیان تووشی کاری نابەجێ ئـەبن هـەروەك خـەواریج و

**موعتەزیلە تووشی بوون، خۆشەویستیان بۆ سەرخستنی هەق وای لێ کردوون کە تووشی کاری بەتاڵ و ناشەرعی ببن، تاگەیشتە ئەوەی موسڵمانان بە گوناه کافر بکەن ...**

**هەموو ئەو بۆچونانە گومڕاییە.**

**وە ئەوەی ئەهلی سوننەت لەسەرین هەر ئەوە هەقە کە گوناهکار کافر نابێت ئەگەر گوناهەکەی بە حەلاڵ نەزانێت.... بەڵام کافرکردنی خەڵکی لە لایەن خەواریجەوە کارێکی بەتاڵە بۆیە پێغەبەر ﷺ دەربارەیان فەرمووی:** ((يمرقون من الإسلام ثم لا يعودون فيه))[١٥]، ((يقاتلون أهل الاسلام و يدعون أهل الاوثان))

**ئەمە حاڵی خەواریجە بە هۆی زیادەڕەوی و نەفامی و گومڕاییانەوە، بۆیە شیاو نییە بۆ گەنج و غەیری گەنجیش کە تەقلیدی خەواریج و موعتەزیلە بکەن، بەڵکو پێویستە کە لەسەر بۆچوونی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بڕون بە گوێرەی بەڵگە شەرعی یەکان.... .**

## مەبەستمان لە نووسینی ئەم بابەتە:-

**بۆ ئەوانەی کە هەقیان لێ شێواوە و مەبەستیان هەقە و بۆئەوانەی راستی یەتی ڕێبازی زیادڕەوانی تەکفیر نازانن، کە مەترسی ئەوەیان لێ ئەکرێ کە تووشی ئەو دەردەبن ئەم لێکۆڵینەوەیەمان نووسی، وە ڕەچاوی ئەوەمان کردووە کە وشەی زیادڕەو بەکار بێنین، چونکە تەکفیر کردن خۆی لە خۆیدا هەقە ئەگەر بە گوێرەی سنوورەکانی شەرع بێت.**

**وە زۆر کەس هەن نەرم و نیانی یەکی زۆریان نیشان داوە لەم بوارەدا، تاڕادەیەك خەڵکانێك یەهود و نەصاری بە کافر نازانن، ئەمەیش تێنەگەیشتنە لە دینی خوای گەورە، وەلەگەڵ دەقەکانی قورئاندا ناگونجێ.**

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه و سلم

**www.ba8.org**

---

(١٥) (أخرجه البخاري).